راگەیاندن و نامەی نارەزایەتی سەنتەری منالان سەبارەت بە:

## لێدان و سوکایەتی کردن بە منالان و لاوانی عێراق لە لایەن سەبازو پۆلیسەکانی ( تونی بلێر) ەوە لە عێراق.



هەمیشە باس لە کوشتن و برین و دەستدرێژی کردنەسەر منالان و ژنان دەکرێت لە کاتی جەنگدا ، بەلام وێنە گرتنی و نیشاندانی ئەم دەست دستدرێژیە لە لایەن خودی ئەنجامدەرانیەوە ، رەنگە کارێك بێت پێویستی بە برێك لەخۆ خۆبایی و گۆینەدانی بوویت ، وە خەلکانێکی زۆر نا ئینسان و دل رەق و پر لە هەستی دوژمنکاری بوویت ، ئەم کارە بۆ خەلکانێك کە لە ژێر پێنانی هەموو قییەمێکی یاسای و ئینسانی سادە ترین کار بێت کە بیکەن.

عەصابەکانی بۆشمان بینی بەوێنەوە کە چییان لە زیندانییەکانی أبو غریب دەرکرد ، سەگیان تێبەردەدان ، بەزۆر جنسیان لەگەل یەك پێدەکردن و پەتیان دەخستە ملیان و رایان دەکێشان رووتیان دەکردنەوە . ئەم تاوانەش بوو بە پەلەیەکی هەمیشە رەش بە نێوچەوانی دوژمنانی مرۆڤایەتییەوە.

وا ئەمجارەشیان سەربازەکانی بلێر خۆیان بە منالانی تازە لاوو بێدیفاعی عێراق تاقی دەکەنەوە ، لەو لینکەی کە هاوپێچە لەگەل ئەم راگەیاندندا ( لة هةردوو سايتي بلآو كراوةي ئافتون بلادت ي سويدي و نيوز ئةف ذة ؤرلد ي بةريتانييدا بلآو كراوةتةوة) تەماشاکەن چۆن ئەو سەربازەی کە بە کامیرا شەخصییەکەی خۆی لەگەل هەر شەق و زلە و قامچی لێدانێکدا ، لەگەل هاواری و پارانەوەی هەر منالێکدا، چۆن دەست خۆشی دەکات و تەزووی خۆی خەمرەوێن بەلەشیا دێت و پێیان پێدەکەنێت و بە بەچکەی سەگ و سەیتان ناوی منالەکان دەبات.




ئێمە لەسەنتەری بەرگری لەمافەکانی منالان لەبەرامبەر ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی سەربازەکانی بلێردا دەهەق بە منالان و لاوان ، نارەزایەتی توندی خۆمان دەردەبرێن ، وە ئەم تاوانە مەحکوم و ریسوا دەکەین ، ئەوان بە بیانوی رزگاری خەلکی عێراقەوە ماوەی نزیك بە 3 سالە خەریکی تالانی و نائەمنی و داگیر کارین ، خەریکی دەستدرێژی کردنە سەر ژنان و لێدان لە منالانن. هۆکارێکی گەورەی بشێوی و نائەمنین لە عێراقدا ، ئێمە ئەم فیلم و بەلگە نامانە دەدەین بە ئەمنستی ئەنتەرناشنال ، یو ئێن و هەموو دەزگایەکی بەرگریکەر لە مافەکانی مرۆڤ و بە تایبەتیش منالان ، وە دەبێت سەبازەکانی

بلێر مەحکەمە بکرێن و سزای دەستدرێژ ی و لێدان و سوکایەتی کردنەکانیان بە ژنان و منالانی عێراق وەربگرنەوە.

ریسوای بۆ سیاسەتی نامرۆڤانەی داگیر کەران ، لە دژی منالان و لاوان.

1. http://www.aftonbladet.se
   TV Här misshandlar soldaterna ungdomarna
2. http://www.newsoftheworld.co.uk/

**شێرزاد فاتح**

**سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان**

**www.santarimnalan.com**